# کاری هاوبەش

بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هاوبەش

ژمارە (١)، ١ ی نیسانی ٢٠٠٣


## کۆبوونەوەیەکی دیکەی فراوان

## (بۆ کاری هاوبەشی چەپ) بەڕێوەچوو

لە ٢٠٠٣/٣/١٥دا بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەهەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز، لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوودا بۆ کاری هاوبەش و پەرەپێدانی جێگەوشوێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چەپ لەهاوکێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆ و ئایندەی عێراقداو هەروەها بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی لایەن و کەسایەتییە چەپ و کۆمۆنیستەکان، لەشاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی دیکە بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەڕای هەڵبژاردنی لیژنەیەکی ١١کەسی بۆ بەدواداچوونی کارو ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکە، بەشێوەیەکی ئازادانە خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیە و ئەرکەکانی داهاتووی لیژنەی کاتی و پێداگرتن لەسەر کاری عەمەلی و جدیتر تاووتوێکران و خودی کۆبوونەوەکان و هاوڕایی و کۆدەنگی لەسەر زۆرێك لەمەسەلە حەساسەکان لەبارودۆخێکی وەك ئەمڕۆدا بەدەستکەوتێکی گرنگ پێناسەکران و هەمووانیش خوازیاربوون دوای ئاڵوگۆڕەکانیش بەردەوامبن و فراوانت ربکرێن، هەر لەو ڕووانگەیەشەوە داوا لەلیژنەی هەڵبژێردراو کرا هەواڵ و باس و جیهەتی ئەم کۆبوونەوانە بگەیەنێتە هەڵسووڕاوانی شوێنەکانی ترو ئەوانیش چ بەکۆبوونەوەی جیاواز لەشارو شارۆچکەکانی خۆیان و چ بە بەشداری لەکۆبوونەوەی سەرانسەری فراواندا بن بەبەشێك لەم پرۆژەیە.

هەر لەو کۆبوونەوەدا نیشاندانی هەڵوێست سەبارەت بەهاتنی سوپای تورکیا و یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەلیژنەی کاتی ڕاسپێردرا.

بۆل٣

## شەڕو وێرانکاری هەفتەی یەکەمی تێپەڕاند

لەگەڵ بەرەبەیانی ٢٠٠٣/٣/٢٠ دا هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق دەستی پێکردو هەفتەی یەکەمی تێپەڕاندو وا پێدەنێتە ناو هەفتەی دووەمەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئاستی شەڕەکان فراوانتر دەبێت و چەکی وێرانکەری زیاتری تیا بەکاردەهێنرێت و خەڵکی بێ دیفاع و شوێنە مەدەنییەکان دەبنە ئامانجی شەڕ.

شەڕ بەدەر لە ئیرادەو خواستی ملیۆنان خەڵکی عێراق دەستی پێکردو خەڵك لەم نێوەدا تەنها ئەوەی بۆ مایەوە کە چاوەڕوانی ئەو ساتانە بکەن کە دەبنە خۆراکی موشەك و بۆمبابارانی فڕۆکەکان.

ئەمریکا ئەم شەڕەی لەژێر ناوی "پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق"! دەستپێکردووە، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا زیاتر لەهەر شتێکی تر ئاشکرا ترە، ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە جیا لە داگیرکردنی عێراق هیچی تر نییە. هەموو بەرگرییەکانی حکومەتی بەعسیش جیا لە پارێزگاریکردن لە ڕەشترین دەسەڵاتی دکتاتۆرانە هیچی تر نین.

لەم نێوەدا هەموومان ئەوە دەبینین کە بەچی جۆرێك نەك تەنانەت خەڵکی عێراق لەم پرۆسەی بەناو "ڕزگاری!"یەدا کەنار خراون و هیچ ئیرادەیەکیان نییە، تەنانەت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سەر بە ئەمریکایش خراونەتە سالۆنی چاوەڕوانی یەکلابونەوەی شەڕو ئەوانیش جیا لە چەپڵەپێزانکردنی موشەك و بۆمبابارانکردنی خەڵك هیچ ئەرکێکیان لە ئەستۆدا نییە.

ئێستا کە شەڕ بۆتە ڕوداوێکی چارەهەڵنەگر، ئیتر تەنیا ئەرکی ئێمە لەوەدا کورت نابێتەوە کە تەنیا بە خواستی وەستانی شەڕەوە بگریسێینەوە، دەبێت خەباتی کرێکاران و

بۆل٣

## گرنگ تەنیا ڕوخاندنی حکومەتی ئیستای عیراق نییە، گرنگ ئەوەیە کام دەسەڵات جێگای دەگرێتەوە

وەك چاوەڕواندەکرێت لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا شەڕی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عیراقدا بە قازانجی تەرەفی یەکەم یەکلا دەبێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی هەموو هەموو ئەو ئیدیعایانەی کە دەکرێت، ئەم شەڕە لەپیناوی ئازادی و ڕزگاری عیراق نییەو دیاریشە کە ئەنجامێکی پێچەوانەی ئەمەی لی دەبێتەوە. بەڵام ئەوەیش ئاشکرایە کە ئەنجامی شەڕ بە هەر شێوەیەك تەواو بێت بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی عیراق مەسەلەی سەرەکی ئەوە دەبێت کە کام بەدیل و دەسەڵات بریارە جێگای دەسەڵاتی ئیستای حکومەتی بەعس بگرێتەوە.

هەرچی ئەمریکایە هەوڵ ئەدات دەسەڵاتێکی ڕوکەشانە دابنێت و لە بنەڕەتەوە خودی خۆی بۆ ماوەیەکی نادیار حوکمرانی عیراق بکات، ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵ ئەدات بە پێشاندانی دلسۆزی و ملکەچی بۆ سیاسەتی ئەمریکا چمکێکی لە دەسەڵات بەربکەوێت، ئاشکرایشە کە کۆنە جەنراڵ و لیپرسراوانی دەزگای موخابەرات و ئیستخباراتی پێشووی عیراقیش بەپێی خۆیان لە دەسەڵاتدا هاوبەش دەکرین. ئەوەی بۆ ئیمەی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازی عیراق دەمینێتەوە ئەوەیە کە خواستی بەشداریکردنی جەماوەر بکەینە ئامانجی سەرەکی و

بۆل٣

## ناڕەزایەتییە جیهانییەکانی دژی شەڕ

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ناڕەزایەتییەکی فراوان لە سەر ئاستی جیهان، دژی شەڕو لەشکرکێشییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ناوچەکە سەریهەڵداو لە هەندێ وڵاتیش بەشێوەیەکی خۆپیشاندانەکان شێوەیەکی توند و تیژانەی بەخۆوە گرت.

## راگەیاندنی کۆمیتەی پێشکەوتنخوازی کوردی ئوسترالیا دژی شەڕ

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا، "کۆمیتەی پێشکەوتنخوازی کوردی ئوسترالیا دژی شەڕ" لە بەیاننامەیەکدا بوونی خۆی ڕاگەیاندا.

لەم بەیاننامەیەدا ئیشارەت بە لایەنە کۆنەپەرستەکانی جەنگی دژی ئەمریکا عیراق کراوەو ئەوە ڕونکراوەتەوە کە ئەم شەڕە ناتوانیت بەمانای ڕزگارکردنی خەلکی عیراق و کوردستان لیك بدرێتەوەو دواجار باجی ئەم شەڕە خەلکی عیراق و کوردستان ئەیدەن.. لەم بەیاننامەیدا کۆمیتەی دژی شەڕ ئامانجەکانی خۆی لە (٣) خالدا خستۆتە ڕوو، کە بەم جۆرەن:

١- ئەم شەڕە پێچەوانەی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردو عیراق و گەلانی ناوچەکەو دنیایەو ئەبێ پێشی پێ بگیرێت. نە ئەمریکا و نە هیچ دەولەت و لایەنیکی تر مافی ئەوەیان نیە بەناوی خەلکی کوردستان یان عیراقەوە شەڕ بەڕیا بکەن و ئەوە پێچەوانەی ئیرادەی ئەوانە.

٢- داگیرکردنی عیراق و گۆڕینی دیکتاتۆرێك بە یەکیکی تری ئەمریکا و هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەو بارەوە نەك خزمەت بە خەلکی کوردستان و عیراق ناکات بەلکوو زنجیرەی شەڕو کارەسات و کۆنەپەرستی بەهێزتر ئەکات.

٣- دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی عیراق و نیزامە سیاسیەکەی و چاری مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد لە گرەوی خەباتی سەربەخۆی خەلکی عیراقدایە بە هاوکاری بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دنیا.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە کۆمیتەی ناو براو بۆ جیبەجیکردنی ئامانجەکانی چەند ڕیگایەك دەگرێتە بەر وەك: بەشداریکردن لە ناڕەزایەتییەکانی دژی شەڕو هاوکاری لەگەڵ ڕیکخراوە کریکاری و ئازادیخوازو چەپەکانی ئوسترالیا، ڕیکخستنی کۆبوونەوەو سمینارو گفتوگۆ لەگەڵ کەنالەکانی ڕاگەیاندنداو هتد ..

هەروەها شایانی باسە کە لیژنەی هەلبژاردراوی ئەم کۆمیتە کە لە ٧ کەس پێکدیت، لەدواین کۆبوونەوەی خۆیدا ڕیککەوتن لەسەر ئەوەی کە هاوکاری و هاوئاهەنگی کارەکانیان لەگەڵ لیژنەی کاری هاوبەشی چەپدا بکەن و ئەمەیش هەنگاویك دەبێت بۆ فراوانکردنی کاری هاوبەشی سەرجەم چەپ، هەم لە عیراق و کوردستان و هەم لە دەرەوەیش.

## نا دلنیایی و ترس لە شارەکاندا

لە چەند ڕۆژێك پێش سەرهەڵدانی شەڕەوە، خەلکی شارە گەورەکانی کوردستان، وەك سلێمانی، هەولێرو دهۆك و هەندێك لە شارۆچکەکانی هێلی تەماس و نزیك لە سنوری دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بۆ خۆپاراستن لە پێش هات و ئەو کارەساتانەی کە ئەگەری ڕودانیان زۆرە، لەجۆری بەکارهێنانی جەنگی کیمیایی و هەڵدانی موشەك، و لەبەر بڕوانەبوون بەوەی کە حکومەتەکانی کوردستان ژیانیان بپاریزیت، بەشێوەیەکی فراوان شاریان چۆڵکردو چوونە دەرەوەی شارەکان. بەڵام دواتر بەهۆی خاوبونی پرۆسەی شەڕو ڕونەدانی شەر بەو جۆرەی کە چاوەڕواندەکرا گەرمو کت و پربیت، زۆرێك لە خەلك گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان. کە لەگەڵ ئەمەیشدا هیشتا ژیانی ئاسایی لە شارەکاندا وەك خۆی لی نەهاتۆتەوە.

لەم نیوەیشدا حیزبە دەسەڵاتدارەکان، جیا لەوەی هەموو ئەرکی خۆی لە پاراستنی ئەمنی شارەکاندا بەرتەسکردۆتەوە، ئەوا بەردەوام بەشێوەیەی جۆراوجۆر داوا لە خەلك دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ شارەکانو هەوڵ ئەدەن لە ڕاگەیاندنەکانیاندا ئەمە تەواو زەق بکەنەوە. ئەوان جیا لەوەی کە تەنانەت هیچ ئەرکێك بۆ پاراستنی سەلامەتی ژیانی هاوولاتیان لە ئەستۆ ناگرن و ناشتوانن دلنیایی بدەن بە خەلك، ئەوا لەم حالەتەیشدا بە کردنی کوردستان بە جبهەیەك بۆ هێزەکانی ئەمریکا تا لە هێزەکانیانی تیا مۆلبدەن و لەویوە هێرش بکەنە سەر حکومەتی عیراق، مەترسی و نادلنیایی لە ڕوودانی کارەسات لە شارەکاندا زۆرتر ئەکەن.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی جبهەی باکور (کوردستان) لەلایەن ئەمریکا و هێنانانی لەشکرو پێداویستییەکی زۆری جەنگی، حکومەت بازگەو پایەگاکانی سنوری بەرەو کەرکوك پاشەکشێ پێکردووە